# بەرز و پیرۆزبێت یادی گیانبازانی ڕێگای ئازادی و دێمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی قوربانیانی 28ی گەلاوێژی 1979

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمساڵ لە کاتێکی تایبەتیدا یادی 28ی گەلاوێژ دەکەنەوە. ئەمڕۆ بۆ چەندەمین جار و زۆر زەقتر لە جاران، هەڵسوکەوتی دژبەمرۆڤانەی ڕژیمی کۆنخوازانە و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتووەتە بەر باس و لێدوان لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا. لە خۆپیشاندانەکانی پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا و ئێستاکەش، خەڵکی جیهان بوون بە تەواشاگەری شێوەی توند و دڕندانەی بەرنگاربوونەوەی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی ناڕازی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکەدا.

ئێستا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەباشی ئاگادارە کە ڕژیمی ئێران بەرانبەر بە داخوازییە ڕەواکانی خەڵک ڕاوستاوە و بە بێئاوەزی و بە بێڕەحمی‌یەوە هەزاران کەسی بەندی‌کردووە و ژمارەیەکی زۆری لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە. بەداخەوە، لەسەرەتای دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کە گەلی کورد لە ئێران کەوتەبەر توندترین و بێڕەحمانەترین هێرش و پەلاماری ئەو ڕژیمە، بەهۆی نەبوونی تەکنۆلۆژی و ئامرازی پێشکەوتوو، زۆربەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو کارەساتانە ئاگادارنەبوون. لەلایەکی ترەوە زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران نەتەنیا پشتیوانی‌یان لە خەباتی خەڵکی کورد نەدەکرد، بەڵکو بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەورووی دەبوونەوە.

لە ئاکامدا و پاش دەرچوونی فەرمانی 'جهاد' دژ بە خەڵکی کورد لە لایەن ئایەتووڵڵا خۆمەینی لە ڕۆژی 28ی گەلاوێژی ساڵی 1979دا، هێزەکانی ڕژیم و داردەسە کۆنخوازەکانی، بەوپەڕی دڕندەیی‌یەوە، کەوتنە کوشتن و قەلاچۆکردنی خەڵکی کورد و وێرانکردنی کوردستان.

ئەگەرچی خەڵکی قارەمانی کورد بە ورە و ئازاییەوە تا ماوەیەک بەرنگاری‌یان لەو زوڵم و زۆرە کرد، بەڵام لەو شەڕە نابەرابەرەدا، ڕژیمی چەوسێنەر و دژبەمرۆڤ سەرکەوت و لەو کاتەوە تا ئێستا، خەڵکی کورد لە ئێران نە تەنیا لە مافەکانی خۆیان لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕامیاری‌دا بێبەشن، بەڵکو ڕژیمی فاشیستی ئێران سیاسەتی هەلاواردن و سەرکوتکەریی خۆی پتەوتر دەکات.

لە یادکرنەوەی 28ی گەلاوێژ و بەتایبەتی لەم کاتەدا کە ڕژیمی ئێران بەرەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناڕازی بووەتەوە و بە توندترین شێوە سەرکوت‌یان دەکات، ئەو پرسیارە خۆی دەنوێنێت کە ئایا کوردی ڕۆژهەڵات تا کەی دەبێت لە پێناو داخوازی‌یە ڕەواکانی تووشی گرتن و کوشتن بێت؟ تاکەی دەبێت لەو زوڵم و زۆرەدا بژیت و ئایا ئەگەر ئەوان دەس بە خەباتێکی نوێ و گشتگر بکەنەوە، چی‌یان بەسەر دێت؟

ئاشکرایە نزمترین دەنگی ناڕەزایەتی، کەمترین داواکاری و بچووکترین جووڵانەوە لەلایەن خەڵکی کورد لە ئێراندا، بە کۆکوژی لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە وەڵام دەدرێتەوە و کارەساتەکانی 28ی گەلاوێژ و ساڵانەکانی پاش ئەوە بە شێوەیەکی توندتر و بێشەرمانەتر دووپات‌دەکرێنەوە. جا لەم بارودۆخەدا خەباتی گەلی کورد پێویستە بە چ شێوەیەک بێت تا تووشی ئەو شێوە بەرنگاری‌یانە نەبێتەوە؟

له یادکرنەوەی 28ی گەلاوێژدا، سەرەڕای رێزگرتن له یادی هەموو ئەو پیاو و ژنە قارەمانانەی کە لەو کاتەدا و له ماوەی 30 ساڵ دەسەڵاتی زۆردارانەی رژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا، گیانی خۆیان له پێناو ئازادی و بەرگری له مافی گەلەکەماندا بەخت‌کردووە، پێویستە هەمووان له رابووردوو ئەزموون وەرگرین. دەبێت بە بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە، بە زانیاریی تەواو له شێوازەکانی خەباتی ئاشتی‌خوازانە و شارستانی و هەروەها سیاسەتی ئەورۆی جیهان، بە وریایی و هەستی هاوخەباتی لەگەڵ یەکتری، بە ئامانجی خزمەت بە خەڵک و له چوارچێوەی یاسا و رێککەوتننامە نێونەوەیی‌یەکانەوە، بیر له دۆزینەوەی رێگایەک نوێ و جیاواز له جاران بکرێت بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلەکەمان. با چیدی کارەساتەکانی دڵتەزێنی رابوردوو روونەدەنەوە.

پێوییستە ئەو راستی‌یە لەبیر نەکەین کە ئێستا خەڵک، بەتایبەتی جیلی گەنج و ژنانی کورد، له رابوردوو وریاترن. ئەو خەڵکە کە له ماوەی 30 ساڵدا شێوازی خەبات و چالاکی جۆراوجۆریان تاقی‌کردووەتەوە و زۆر زانیاری‌یان له بزووتنەوەکانی گەلانی جیهان ورگرتووە، ئیدی بەئاسانی نابنە پاشکۆ و داردەس. ئەوان دەتوانن له جێگە و رێگەی خۆیان و بە شێوەی کارا و پەسەندکراو رێبازی خەباتێکی نوێ پێش‌بگرن. بۆیە رێبەرایەتی بزووتنەوەی داهاتووی کورد دەبێت بە وریایی و زانیاری تەواوەوە پرۆگرامی خەبات لەسەر داواکارییەکانی خەڵک و لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داڕێژێت.

له یادکرنەوەی 28ی گەلاوێژدا با ئەو راستی‌یەش بەهەند وەربگرین کە جگە لەوە کە ژنان پێویستە بەشداریی سەرەکی و چالاکانەیان له خەباتی رزگاریخوازانە و داڕشتنی پرۆژە و پرۆگرامی کار هەبێت، دەبێت داخوازییەکانی تایبەتیی ژنان له ریزی داخوازییەکانی گشتی ئەو خەباتەدا جێ‌بگرنەوە و مافەکانی ژنان له لایەن هەموو چین و توێژی کۆمەڵگەوە داوا بکرێت، نەک تەنها له لایەن ژنانەوە. هەروەها نابێت ئەو داخوازی‌یانە وەکو خاڵ و کاری لابەلا دابنرێن! ئەوەمان لەبیر بێت کە له هەموو ناکۆکی و شەڕەکانی جیهاندا، ژنان زۆرترین زوڵم و ئازار دەچێژن، بەڵام هەر ژنانن کە نابەزێن و سەرەڕای تووش‌بوونی ئازار و دەردی زۆر، هەم دیسان ژیان دەبووژێننەوە.

لەم رۆژانەدا کە بزووتنەوەی دێمۆکراتیک و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دژبە رژیمی کۆنخوازی کۆماری ئیسلامی بەردەوامە، ئێمە وەکو پرۆژەی ژنی کورد پشتیوانی خۆمان لەو خەباتە دەردەبڕین. هەروەها دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت رۆژی 28ی گەلاوێژ وەکو رۆژێکی سەمبۆلیک له مێژووی خەباتی گەلی کورددا بناسرێت. پێویستە ئەم رۆژە وەکو رۆژی خەبات و بەرخۆدانی خەڵکی کوردی رۆژهەڵات دژبە زۆرداری، ببێتە رۆژێکی مێژوویی بۆ هەموو گەلی کورد و نەتەنیا کوردی رۆژهەڵات.

پرۆژەی ژنی کورد

18/8/2009